## بیرەوەرییەکانی مەلا محەممەدی خزری




محەممەد خزری، *"لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی 47-42 (1968-1963) ی حیزبی دێموکراتی کوردستان"* ، ناشر: نووسەر(؟)، سوید 2003، 229 +37 لاپەڕە، کوردی.

ISBN 91-974681-0X

بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا مەحەممەدی خزریم بە شوێن بیرەوەرییەکانی کاک ئەمیری قازیدا خوێندەوە و پاشان چۆمە سۆراغی بیرەوەرییەکانی کاک سەعید کوێستانی. هەرسێ ئەو کەسانە لە سەردەمی ڕێبەرایەتی کاک عەبدوڵلا ئیسحاقی (ئەحمەد تەوفیق) دا ئەندامی چالاکی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران بوون و پێکەوە لەگەڵ گەلێک هەڵسووڕاوانی دیکەی حزب لە باشووری کوردستان ژیاون.

ئەو سەردەمە بە چەند دیاردەی گرنگ دیاری دەکرێت: کۆدیتای ساڵی 1958 ی عەبدولکەریم قاسم لە عیراق، گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، شۆڕشی ئەیلوول، دووبەرەکی نێوان بارزانی و باڵی هەیئەتی سیاسیی پارتی، پێک هاتنی کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران، چەندبەرەکی و جیاوازیی نێوان لایەنگرانی عەبدوڵڵا ئیسحاقی لەلایەک و سولەیمانی موعینی، سمایلی شەریفزادە، حەمەدەمینی سیراجی، دوکتۆر قاسملو، کەریمی حیسامی و.... لەلایەکیتر؛ پێکهاتنی کومیتەی شۆڕشگێر لە ژێر کارتێکەریی مائۆئیسم و شەڕی چریکیی گریلای چەپ لە زۆر وواڵتی دیکەدا؛ جیابوونەوەی سەلەحوددینی موهتەدی و محەممەدی ئێلخانی زادە لە حزبی دیموکڕات و پێک هێنانی حزبی ڕزگاری و..... سەرەئەنجام شەهادەتی دەیان شۆڕەلاوی کورد ڕاستەوخۆ بەدەستی ژاندرمە و ساواکی ئێرانی یا لەڕێگەی پاراستنی پارتییەوە.

بیرەوەریی ئەو سێ کەسایەتییەی ناو حزبی دیموکڕات دەتوانێ ڕوونکەرەوەی گەلێک لایەنی نادیاری خەباتی سیاسی و چەکداریی ئەو ساڵانە بێت، گەرچی لە بۆچوون و تەنانەت گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا جیاوازیی بەرچاو هەیە، بەڵام بابەتی واش گەلێک زۆرن کە هەرسێ لایەن لەسەریان هاودەنگ و هاوبەشن وئەوەش کاری مێژوونووسانی دوارۆژ هاسان دەکاتەوە.

من لە بەشی ژمارە 264 ی ئەم ووتارانەدا باسی بیرەوەرییەکانی کاک ئەمیری قازیم کرد و ئێستاش ئاوڕێک لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا محەممەدی خزری دەدەمەوە، ماوەیەک دواتریش دەچمە سۆراغی بیرەوەرییەکانی کاک سەعید کوێستانی. دیارە هەموو ئەوانەش هەر لەپەیوەندی بۆکان و ناوچەکەیدا، کە بابەتی ئەم زنجیرە ووتارەیە.

1. نووسەر لە گێڕانەوەی ڕووداو و باسی کەسایەتییەکاندا گەلێک جار ناو لە کاک سەلاحوددینی موهتەدی (مستەفا) و نەمر محەممەدی ئێلخانی زادە (کاوە) دەبات وکاتێ لە دەستەی یەکەمی ئەو لاوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدوێت وا گەیشتوونەتە باشوور، ئەو دووکەسەش وەک "دوولاوی خوێندەوار و ڕووناکبیر" ناوبردە دەکات، ئینجا دەگاتە سەر کێشە و چەندبەرەکی ناو حزب و پێک هاتنی حزبی ڕزگاری لەلایەن ئەوانەوە (لاپەڕە 18 تا 21). لەلاپەڕەکانی دواتریشدا باسی ئەو دووکەسە وچوونیان بەرەو مەکتەبی سیاسی و ڕق وکینی عەبدوڵلای ئیسحاقی بەرانبەر بەوان دێنێتە گۆڕێ. ئەو لاپەڕانە بریتین لە: 36، 41، 42، 43، 46، 76، 86، 87، 182 و پاشکۆ.

2. ناوی میرزا حەمەڕەئووفی حافیزەلقورئان – خەیاتی بۆکانی و بەرپرس وهەڵسووڕاوی حزبی دیموکڕاتی کوردستان لە ڕاپەڕینی ساڵی 1953 ی بۆکان، کە دوابەدوای کودیتای 28 ی گەلاوێژ پەڕیوەی باشووری کوردستان ببوو و لەوێ بە ناوی "ڕەئووف مەلاحەسەن" ەوە هاوکاریی حزبی دیموکڕات و پاشان پارتی دیموکڕات وشۆڕشی ئەیلوولی دەکرد، چەندجار لە بیرەوەرییەکانی خزریدا هاتووە. میرزا حەمە ڕەئووف لە باوەڕپێکراوانی نزیکی عەبدوڵلا ئیسحاقی و ناحەزانی باڵی چەپی ناو حزب بوو. بۆ باسی ئەو دەبێ سەیری لاپەڕە 22، 31، 49 (باسی هەڵبژێررانی بە ئەندامیەتی کومیتەی چاوەدێری)، 71، 77و 218 بکرێت.

3. جگە لەو سێ کەسە، ناوی هەندێک خەڵکی دیکەی بۆکانیش لە کتێبەکەدا هاتوون.

کاک سەعدی موهتەدی: لاپەڕە 36.

مەلا عومەری عەسری: لاپەڕە 36، 85 تا 87 و پاشکۆ.

سەید کامیلی ئیمامی [ئاواتی شاعیر] (وەک هەڵبژێرراوی غیابی کومیتەی ناوەندی دوای کۆنگرەی دووهەم): لاپەڕە 48.

حەبیب قەرەگوێزی (وەرزێر)، (وەک هەڵبژێرراوی کومیتەی ناوەندی): لاپەڕە 48و 86.

مامۆستا هەژاری موکریانی، (وەک هەڵبژێرراوی کومیتەی ناوەندی): لاپەڕە 48، 119، 194، 202.

سەید تاهیری ئیمامی، (وەک هەڵبژێرراوی کومیتەی چاوەدێریی): لاپەڕە 49، 77، 218.

مامۆستا خالیدی حیسامی [هێدی]: لاپەڕي109، 110، 119، 130.

جگە لە ناوی کەسایەتییەکان، هەندێک جار هەواڵی شاری بۆکان و دەوروبەریشی لە کتێبەکەدا دەبینرێت: لە ڕاگەیاندنی هەواڵی هەڵسووڕانی سیاسیی دوای کۆنگرەی دووهەم و دابەش کرانی بەرپرسیایەتییەکاندا، نووسەر دەڵێ"ناوچەکانی سەردەشت، مەهاباد، بۆکان و هەوشار کاک سلێمانی موعینی بەرپرسیان بوو" (لل. 74 و 79).

هەروەها باس لە هەندێک شوێنی دەوروبەری بۆکانیش دەکات، وەک گوندی قالوێ، قەرەگوێز وکێوی 'حاجی کیمی' قەرەگوێز کە شوێنی شەهادەتی مینەشەم و هەڤاڵانی بوو (ل. 86).

نووسەر لە چەند شوێن بە شێوەیەک لە پەیوەندییەکانی نێو ئەندامان و بەتایبەت بەڕێوەبەرایەتی ئەودەمی حزب دەدوێت ولە زمان سلێمانی موعینییەوە عەبدوڵلا ئیسحاقی بە "جینایەتکار" ناو دەبات (ل.114)، یا باس لە کووژرانی ئەسعەدی خودایاری و قادر شەریف و سدیقی ئەنجیری بە دەست خۆییەکان دەکات وسەرەپەتی ئەو ئیعدامانە بە زۆری دەگەیێنێتەوە عەبدوڵڵا ئیسحاقی، کە خوێنەری دڵسۆزی گەل ناتوانێ بە خوێندنەوەیان ناشاد نەبێت. من بەڕادەیەک ئەو ڕووداوانە دڵی ئێشاندم کە لە سەر ڕووپەڕی 156 ی کتێبەکە نووسیومە "قانوونی جەنگەڵ" هیوادارم من هەڵەم کردبێت!

نووسەر دژ بەوە دەوەستێت کە ناوی "کومیتەی شۆڕشگێڕ" یا "ئینقیلابی" لە سەر ئەو خەباتکارانە دابنرێت کە لەو ساڵانەدا گەڕانەوە ناو ئێران و لەشەڕی ژاندرمە وسوپای ئێرانیدا شەهید کران. ئەو لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایە کە ئەوان حەوت کەس بوون وبە ناوی کومیتەی نوێی ڕێبەرایەتی حزبەوە هەڵبژێرران نەک هیچی تر (لل. 131 بەدواوە). ئەو بۆچوونە ناحەزی زۆرن، بەڵام ئەرکی من ڕاگواستنیەتی.